Archive of SID

Journal of Kurdish Literature
Autumn and Winter 2020-2021
Vol. VI, No. 2, Series 10

پژوهشنامه ادبیات کردی
پاییز و زمستان ۱۳۹۹
سال ۶، شماره ۲، پیاپی ۱۰

# شیکاریی گێڕانەوەناسانەی گێڕانەوە جیاوازەکانی ڕووداوێکی کەنیشک‌کوژی

فەرهاد محەمەدی[۱]

نوع مقاله: پژوهشی

تاریخ دریافت: ۲۳ تیر ۱۳۹۹؛ تاریخ پذیرش: ۲۰ بهمن ۱۳۹۹؛ صص. ۱۶۳-۱۷۶

DOI: https://www.doi.org/10.34785/J013.2020.409

## پوختە

ژیانی ئاسایی و ڕۆژانەی خەڵک گونجاوترین و گرنگترین بەستێنە بۆ لێکدانەوە و شیکاریی گێڕانەوە جۆراوجۆرەکانی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، چونکە لە زۆربەی کاتەکاندا بۆچوون و ڕوانگەی جیاوازی تاکەکان لەمەڕ ڕووداوەکانی ناو کۆمەڵگا دەبێتە هۆی فرەچەشنەبوونی گێڕانەوەکانی ڕووداوێکی تایبەت. لەم ڕووەوە بە ڕاڤەکاری و شیکاریی گێڕانەوە جیاوازەکانی ڕووداوێکی تایبەت کە لە ژیانی ئاساییدا ڕووی داوە، دەتوانین لە بواری گێڕانەوەناسیدا، بەتایبەت لەم لایەنەوە کە بیر و هزر و ئایدیۆلۆجیی تاکەکان لە بەدیهاتنی گێڕانەوە جیاوازەکاندا چ دەورێکی هەیە، کۆمەڵێ زانیاریی پڕبایەخ دەستەبەر بکەین. لەم وتارەدا هەوڵ‌دراوە بە شێوازێکی کردەیی، چەندین گێڕانەوەی جیاواز بۆ ڕووداوێکی تایبەت ڕاڤە بکرێ. ڕووداوەکە ئەمەیە: «باوکێک کەنیشکەکەی خۆی بەهۆی ڕەدووکەوتنی لەگەڵ کوڕێکدا دەکوژێت». ئەم ڕووداوە دەکرێ بە شێوازی جۆراوجۆر و بە چەشنێک بگێڕدرێتەوە کە هەر یەک لە گێڕانەوەکان جیاوازیی بنەڕەتیی لەگەڵ ئەوانی تردا هەبێت، لەبەر ئەوەی کەسایەتیی تاکەکان و دەرئەنجامی کۆتایی گێڕانەوەکە لە هەر یەک لەم گێڕانەوانەدا دەگۆڕدرێت و جیاواز دەبێت. دەور و کەسایەتیی باوکەکە، کەنیشکەکە، کوڕەکە، هەروەها دەوری ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و ئایینی و فەرهەنگییەکان لەم گێڕانەوانەدا دەگۆڕدرێ و لە هەر کامدا بە شێوازێکی جیاواز دەردەکەوێ. ئەم توێژینەوەیە، کە بە شێوەی شیکارانە ئەنجام دراوە، ئامانجەکەی ئەوەیە چۆنیەتیی بەدیهاتنی گێڕانەوە جیاوازەکانی ڕووداوی بەرباس شی بکاتەوە و هۆکارەکانی دیاری بکات. دەستکەوتی وتارەکە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە سەرچاوەی جیاوازیی گێڕانەوەکانی ڕووداوی ئاماژەپێ‌کراو بۆ بەرگریمانەکانی ڕوانگەی وەگێڕ و ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە کە وەگێڕ لەو لایەنەوە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە.

**وشەگەلی سەرەکی:** گێڕانەوە؛ گێڕانەوەناسی؛ ئایدیۆلۆجی؛ کەنیشک‌کوژی؛ بایەخە کۆمەڵایەتییەکان؛ دەوری هۆکار.

## چکیده

زندگی روزمره و عادی جامعه بهترین بستر برای تحلیل و مطالعه روایت‌های گوناگون از یک حادثه است؛ زیرا در بیشتر مواقع دیدگاه مختلف افراد باعث بروز روایت‌های متعدد از یک حادثه خاص می‌شود؛ بنابراین با تحلیل و تفسیر روایت‌های مختلف از یک حادثه که در زندگی روزمره جامعه رخ داده است، می‌توان از جنبه روایت‌شناسی، به‌ویژه از این جنبه که نقش جهان‌بینی و اندیشه افراد در شکل‌گیری روایت‌های مختلف چگونه است، آگاهی‌های ارزشمندی به دست آورد. در این جستار چندین روایت مختلف درباره این حادثه بررسی شده است که «پدری دختر خود را به سبب فرار با یک پسر می‌کشد». این حادثه می‌تواند به شکل‌های گوناگون طوری روایت شود که هر کدام از روایت‌ها از بنیان با بقیه متفاوت باشد؛ زیرا شخصیت افراد و نتیجه پایانی روایت در هر کدام از این روایت‌ها تغییر می‌کند. نقش و شخصیت پدر دختر، خود دختر، پسر، همچنین نقش نهادهای اجتماعی و دینی و فرهنگی در هر کدام از این روایت‌ها تغییر می‌کند و متفاوت از بقیه است. هدف از این جستار که به شیوه تحلیلی انجام شده، تشریح چگونگی شکل‌گیری روایت‌های متفاوت از حادثه مذکور و نشان‌دادن عوامل آن است. دستاورد پژوهش نشان می‌دهد که منشاء تفاوت روایت‌ها به پیش‌فرض‌های راوی و آن علتی برمی‌گردد که راوی حادثه را از آن جهت روایت می‌کند.

**واژگان کلیدی:** روایت؛ روایت‌شناسی؛ ایدئولوژی؛ دخترکشی؛ ارزش‌های اجتماعی؛ نقش علت.

## ۱ــ پێشەکی

ئەو ڕووداوە کە لەم توێژینەوەیەدا باسی لێدەکرێ و لە ڕوانگەگەلی جیاوازەوە دەگێڕدرێتەوە، ئەمەیە: «پیاوێک کەنیشکەکەی خۆی بەهۆی ڕەدووکەوتنی لەگەڵ کوڕێکدا دەکوژێت» (ڕۆژنامەی *جامی جەم*، ۱۳۹۹/۳/۷). هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕووداوە کۆمەڵایەتییەوە، ماڵپەڕی شیکارانە-هەواڵیی *عەسری ئێران* لە ڕوانگەی خەسارناسییەوە ئاوڕێکی ڕەخنەگرانەی

۱. گروه زبان و ادبیات کُردی، دانشگاه کردستان، سنندج، ایران
f.mohammadi@uok.ac.ir

www.SID.ir

Archive of SID

لێ دەدات و لە چەند لایەنێکی جیاوازەوە هۆکار و ئەگەرەکانی دەخاتە بەرباس.[1] سەبارەت بەم ڕووداوە پرسیارێکی گرنگ لە مێشکی تاکەکاندا دێتە ئاراوە کە ئاخۆ هۆکارەکانی ئەم کارەساتە تەنیا بۆ هەڵەی باوکەکە و کەنیشکەکە دەگەڕێتەوە، یان ئەوەی کە هۆکارگەلێکی تریش دەوریان بووە؛ بۆیە ئەم ڕووداوە لەو جۆرە ڕووداوانەیە کە هەر کەسێک بەپێی بیروڕوای خۆی ڕاڤەی دەکات و ڕاڤەکارییەکەشی بەم شێوازە دەبێ کە هۆکاری بۆ دیاری دەکات و هەموو ئەو شتانەی پێوەندییان بەو ڕووداوەوە هەیە، بەپێی ئەو هۆکارە بەهایان پێدەدات؛ بۆیە هەندێک پێیان وایە باوکەکە تاوانبارە؛ هەندێکیش هەن کەنیشکەکە بە تاوانبار دەزانن؛ لایەنگرانی ئایین و نەریتیش هۆکاری ئەم ڕووداوە لەوە دەزانن کە کۆمەڵگا لە مەعنەویەت و ئایین دوور کەوتووەتەوە؛ هۆگرانی فەرهەنگی ڕۆژئاواییش کە بایەخ دەدەن بە ئازادیی کوڕ و کچ، هەموو تاوانەکان لە چاوی کەشی داخراوی ناو کۆمەڵگا دەبینن کە نەریتەخوازە و بەها نادادە ویستی نەوەی نوێ. بەم بۆنەوە ڕووداوی ئاماژەپێکراو بە شێوەگەلی جۆراوجۆر دەگێڕدرێتەوە و هەر یەکێک لە گێڕانەوەکانیش ڕوانگەیەکی تایبەت و جیاواز لەمەڕ ئەم ڕووداوە دەردەبڕێ و بە ڕەچاوکردنی بەرگریمانەگەلێکی جیاواز لەگەڵ دیکەی گێڕانەوەکاندا دارشتەی خۆی چێ دەکات. لەم ڕووەوە دەردەکەوێ دارشتە و پێکهاتەی گێڕانەوە تا چ ڕادەیەک لە ژێر کاریگەریی ڕوانگەی گێڕەر و هۆکارێکە کە ئەو بۆ ڕووداوەکە ڕەچاوی کردووە. ڕووداوەکە بەپێی هەرکام لەم ڕوانگەیانە بگێڕدرێتەوە، ئەوانی تر وەکوو دەنگێکی شاراوە و ناڕاستەوخۆ لە ناخی گێڕانەوەکە خۆیان دەنوێنن؛ بەم جۆرە فرەدەنگی لە نێو گێڕانەوەکانی ئەم ڕووداوە ڕەنگ دەداتەوە. هۆی ئەم تایبەتمەندییەش ئەوەیە کە هەر یەکە لەم گێڕانەوانە بە گوێرەی وتووێژی لەگەڵ ئەوانی ترەوە پێک‌دێت؛ جا ڕەنگە وتووێژەکە بە شێوەی بەرپەرچدانەوە لەتەک ڕوانگەی بەرامبەردا بێت، یان بە شێوەگەلێکی دیکە.

خاڵێکی تر کە زۆر گرنگ و سەرنجڕاکێشە، ئەمەیە کە چیرۆک لە ڕووداوگەلێکی وەکوو ئەم ڕووداوە بەدی دێت، واتە بابەتی چیرۆک لە زۆربەی کاتدا لە ڕووداوگەلێکی ئاوەها وەردەگیردرێت کە لە نێو کۆمەڵگادا ڕوودەدەن. ئەگەر لەم پرسیارە بیر بکەینەوە کە سەرهەڵدانی چیرۆک لە کوێنەوە دەستپێ‌دەکات؟ وەڵامەکەی بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە بابەتی چیرۆک چۆن لە مێشکی نووسەردا سەرهەڵدەدات. لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین خاڵی دەستپێکردنی هەر چیرۆکێک بۆ ڕووداوێکی گرنگ دەگەڕێتەوە کە پێی دەوترێت: «ڕووداوی ناوەندی» (میرصادقی، ۱۳۸٦: ۲۵۵)؛ چونکە هەر ڕووداوێک ئەو دێرانەیە هەیە کە ببێتە بابەتی سەرەکی بۆ چیرۆک و هەر چیرۆکێکیش ئەگەر بەوردی سەرنجی پێ بدرێت، دەردەکەوێ کە پاژەگرنگ و ناوەندییەکەی ڕووداوێکی تایبەتە؛ بۆیە بابەتی هەموو چیرۆکەکان لە ڕووداوێکی دیاریکراودا سەرچاوەی گرتووە و دەستی پێ‌کردووە. بە واتایەکی تر، لە شیکاریی بابەتیانەی چیرۆک ئەم بابەتە باشتر ڕوون دەبێتەوە کە بناغەی پێکهاتنی چیرۆکەکان بۆ ڕووداوێکی تایبەت دەگەڕێتەوە،[2] بۆ وێنە کورتەچیرۆکی «شینگێڕی بۆ ژاڵە و کوژەرەکەی» لە کۆمەڵەچیرۆکی *دیوانی سوومەنات*، بەرهەمی ئەبووتوراب خوسرەوی، لە هەواڵێک وەرگیراوە کە لە ڕۆژنامەی *کەیهان* سەبارەت بە کارەساتی کوشتنێک بڵاو کرابۆوە (۱۳۸۷: ۷۵). لەم ڕووەوە ئەگەر بێت و ئەم ڕووداوەش ببێت بە چیرۆک،

---

[1] https://www.asriran.com/fa/news/730590/

[2]. پێویستە سەرنج بدرێ کە لێهاتوویی نووسەرە کە ڕووداوێک دەکاتە چیرۆک، بەم شێوە کە هێزی خەیاڵ و هزر و بیری نووسەر لقوپۆی بەو ڕووداوە نەکوڵاوە دەدات و دەیکات بە چیرۆکێکی شیاو و بەرز. جا بە حەز و خواستی نووسەرە کە ڕەوت و شێوەی چیرۆکەکەی چۆن ببێت و لە چ تکنیک‌گەلێک کەڵک وەربگرێ؛ بەم بۆنەوە نووسەر یان ڕەوتی واقیع‌خوازی هەڵدەبژێرێ یان ئەوەی کە چیرۆکەکە بە شێوازی ڕەوتی جووڵانەوەی زەین لە زەینی کەسایەتییە سەرەکییەکەدا دەگێڕێتەوە. بەپێی ئەم پرسە هەر ڕووداوێک دەکرێ هەم لە چیرۆکی واقیع‌خوازیدا دەرکەوێ و هەمیش بە شێوازی دژەواقیع‌خوازی لە چیرۆکدا بنوێندرێت. بابەتی ڕووداوەکەیش تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێت دەور و کاریگەریی ببێت لە سەر شێواز و چەشنی گێڕانەوەدا.

www.SID.ir

Archive of SID

بێ‌گومان ئەو دێڕانەیە هەیە کە چیرۆککگەلێکی جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە؛ چونکە بۆ هەر کەسێ بەپێی بیروبڕوای، بە چەشنێکی جیاواز و لە لایەنێکی تایبەتدا دەبێتە بابەتی چیرۆک. نموونەی بەرچاو و زەق لەو ڕووداوانەی ناو کۆمەڵگا کە بوونەتە بابەتی چیرۆک بۆ چیرۆکنووس، کارەساتی ۱۱ی سیپتامبر بوو کە چەندین چیرۆکی جۆراوجۆری لێ دەرکەوت و هەر یەکەیان گێڕانەوەیەکی جیاوازە و ڕوانگەییێکی تایبەتیی لەمەڕ ئەو ڕووداوە هەیە، وەکوو کۆمەڵەچیرۆکی *شینی ئەویەری زەریاکان*، بەرهەمی شەهریار مەندەنیپوور کە لە چەندین چیرۆک پێکهاتووە و لە هەر چیرۆکێکیش ڕوانگەییێکی جیاواز بۆ ڕووداوەکە هاتووەتە ئاراوە (۱۳۸۲).

## ۲ــ ڕوونکردنەوەی بابەتی توێژینەوەکە

ئەگەر ڕووداوێکی تایبەتی بە شێوەی هەواڵی بگێڕدرێتەوە، دەبێتە شتێکی گوزارشتی و وەکوو ناوەندە هەواڵنێرەکان دێتە بەرچاو (بارت، ۱۳٦۸: ۷۹-۸۰)، بەڵام ئەگەر کەسێک ئەو ڕووداوە بەم شێوازە بگێڕێتەوە کە هۆکارێکی تایبەتی بۆ دابنێت و لە ڕوانگەی ئەو هۆکارەوە گێڕانەوەی ڕووداوەکە ئەنجام بدات، دەبێتە گێڕانەوەیەکی ڕەخنەگرانە. شیکاریی چۆنیەتیی بەدیهاتنی گێڕانەوە، یەکێکە لە گرنگترین و بەبایەخترین شێوازەکانی گێڕانەوەناسی. ئەگەر بە شێوەی کردەیی پیشان بدرێت چۆن ڕووداوێک دەبێتە گێڕانەوەیەکی ڕەخنەگرانە و لە ڕێگای چ گۆڕانکاریگەلێکەوە ڕووداوێکی تایبەت چەندین گێڕانەوەی بۆ دەکرێت، ئەو توخمە سەرەکییانە کە بوون و چۆنیەتیی گێڕانەوە پێیانەوە بەستراوە، دەردەکەون.

کاتێ سەبارەت بە ڕووداوێک زۆرتر لە دوو ڕوانگەی دژیەک لە ئارادا بێت، گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە فرەچەشن دەبێت؛ بە جۆرێک کە لە نێوان گێڕانەوەکانی ڕووداوەکە جیاوازیگەلێکی بنەڕەتی بەدی دەکرێت. هۆی فرەبوونی گێڕانەوەکان لەم جۆرە ڕووداوانە ئەوەیە کە هەر کەسێک بەپێی بیروبڕوا و بۆچوونی خۆی ڕاڤەکاریی دەکات و ڕاڤەکارییەکەیشی بەم جۆرە دەبێت کە هۆکارێکی تایبەتی بۆ ئەو ڕووداوە ڕەچاو دەکات و بە گوێرەی ئەو هۆکارەوە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە؛ بەم پێیە بابەتی توێژینەوەی بەردەست زۆرتر لایەنی گێڕانەوەناسی هەیە و بە شێوەی کردەیی خوێنەر لەگەڵ چۆنیەتیی پێکهاتنی گێڕانەوەی ڕووداوێکی تایبەت ئاشنا دەکات؛ بۆیە هەم لایەنی فێرکارانەی هەیە، هەم لایەنی توێژینەوەیی؛ چونکە تەواوی ئەو توخم و بابەتانە دیاری دەکات کە لە سەر چۆنیەتیی گێڕانەوەدا کاریگەری دادەنێن و دەبنە هۆی جیاوازی لە نێوان گێڕانەوەکاندا. لەم ڕووەوە ئامانجی سەرەکیی ئەم توێژینەوە ئاشنابوون لەگەڵ شیکردنەوە و ڕاڤەکاریی چۆنیەتیی پێکهاتنی گێڕانەوەیە.

تا ئێستا توێژینەوەیەک کە لەگەڵ ئەم توێژینەوەدا هاوچەشن بێت و ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەم کارەوە ببێت، ئەنجام نەدراوە؛ بۆیە پێشینەیەک نەدۆزرایەوە کە لە بواری گێڕانەوەناسی‌دا هاتبێت ڕووداوێک لە ژیانی ڕۆژانە شیبکاتەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بابەتەکە لە دەوری ئەم پرسیارە گرنگانەوە لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێ:

۱- هۆکار و سەرچاوەی جیاوازیی گێڕانەوە جۆراوجۆرەکانی ڕووداوێکی تایبەت چییە؟ واتە چ شتێک یان شتانێک دەبێتە هۆی ئەوەی ڕووداوێک چەندین گێڕانەوەی جیاوازی لێ بکەوێتەوە؟

۲- لە گێڕانەوەدا چ توخمگەلێک دەوری سەرەکی دەگێڕن کە چۆنیەتیی گێڕانەوەکە بەستراوە پێیانەوە؟

۳- ڕووداوی ئاماژەپێکراو بە چەند جۆر دەکرێ بگێڕدرێتەوە و پێکهاتەی گێڕانەوەکانی چ جیاوازییەکیان لەگەڵ یەکتردا هەیە؟

## ۳ــ بنەمای تیۆریی توێژینەوەکە

هەر ڕووداوێک ئەو کاتە بەها و بایەخ پەیدا دەکات کە بگێڕدرێتەوە. کاتێ ڕووداوێک دەگێڕدرێتەوە، مانای ئەوە دەگەیێنێت کە هەم بایەخی پێ دراوە و هەمیش لە سەر پێکهاتە بەهاییەکاندا کاریگەرییەکی ڕەخنەگرانەی داناوە؛ بۆیە وتراوە کە «ڕووداوەکان بەبۆنەی جێگرتنیان لە ناو گێڕانەوەدایە کە واتادار دەبن» (آسابرگر، ۱۳۸۰: ۱۷۲). گێڕانەوەی ڕووداوێکیش بە

www.SID.ir

Archive of SID

واتای ڕاڤەکاریی ئەو ڕووداوەیە؛ چونکە کاتێ مرۆڤ دەیهەوێت ڕووداوێک ڕاڤە بکات، بە شێوازێکی تایبەتی دەیگێڕێتەوە، بە واتایەکی تر، ڕاڤەکاریی ئەو ڕووداوە هەر ئەوەیە گێڕانەوەیەکی جیاوازی بۆ دەکرێ؛ بۆیە گێڕانەوە و ڕاڤەکاریی ڕووداوێک پێکەوە گرێدراون.

لایەنی تیۆریی توێژینەوەی بەردەست بۆ ئاقاری گێڕانەوەناسی، بەتایبەت گێڕانەوەناسیی ناسیاری،[1] دەگەڕێتەوە. لە گێڕانەوەناسیی ناسیاری‌دا گێڕانەوە لە بواری ناسیارییەوە تاوتوێ دەکرێ، واتە لەم چەشنە لە گێڕانەوەناسی، ئامانجی لێکدانەوەی گێڕانەوەیی ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەیە کە گێڕانەوە لە ڕێگای چ پرۆسەگەلێکی ناسیارییەوە پێک‌دێت (برکت و همکاران، ١٣٩١: ١١). لە بواری ناسیارییەوە یەکێک لە بابەتە هەرە گرنگەکانی گێڕانەوەناسی پەیوەندیی گێڕانەوە لەگەڵ ئایدئۆلۆجیی گێڕەر و پێکهاتە هزرییەکان و جڤاکییەکان و بایەخەکانی ناو کۆمەڵگادایە؛ بۆیە لەم لایەنە لە گێڕانەوەناسیدا زۆرتر جەخت دەکرێتە سەر ڕەهەندی کارتێکەریی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و فەرهەنگییەکان لە سەر چۆنیەتیی گێڕانەوەدا. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئایدئۆلۆجی کە بنەمای ئاکارەکان و مەبەستەکانن، بە خاڵی دەستپێکردنی گێڕانەوە دێنە ئەژمار و هەر گێڕانەوەیەکیش بەستراوە بە شوێنگەی گێڕانەوەییەوە (بارت، ١٣٨٧: ٧٢-٧٣)؛ بە واتایەکی تر، گێڕانەوە بەبێ بەستێنێکی دیاریکراو بوونێکی سەربەخۆی نییە، بەڵکوو پێکهاتەیێکە لە هەمووی ئەو ڕێکخراوانەی ناو کۆمەڵگا کە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە بەدیهاتنیدا دەوریان بووە. بەبۆنەی ئەوەی کە ئایدئۆلۆجیی گێڕەریش شتێکی بەدەر لە بەستێنی کۆمەڵگادا نییە، گێڕانەوەش تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی ئایدئۆلۆجیی گێڕەردایە. هەر ئەم بابەتە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی گێڕانەوەگەلێکی جیاواز سەبارەت بە ڕووداوێکی تایبەت، واتە کاتێ ڕوانگە و بیر و بۆچوونی جیاواز لەمەڕ ڕووداوێک لە ئارادا بێت، دیارە گێڕانەوەکانی جیاوازیش لە دەوروبەری ئەو ڕووداوە بەدی‌دێت.

ئەم ڕووداوە لەو چەشنە ڕووداوانەیە کە دەور و کاریگەریی هەموو پێکهاتە ئەخلاقییەکان، جڤاکییەکان، فەرهەنگییەکان و هزرییەکان، تەنانەت کردەوە و هەڵسوکەوتی تاکەکانیش، بەڕوونی لە سەری دیارە و وەکوو دیاردەیێکی جڤاکی، پێوەندیی تۆڕئاسایی نێوان هەموو ئەو شتانەی کە بیروباوەڕ و ژین و فەرهەنگی مرۆڤ پێک‌دێنن، پیشان دەدات؛ بۆیە ئەم ڕووداوە نموونەییێکە لەو ڕوانگەیە کە پێی وایە تاکەکان بە گوێرەی ئەو ئایدئۆلۆجیکانە هەڵسوکەوت دەکەن کە ڕێکخراوە و دامەزراوەکان دابینیان کردووە (کلیگز، ١٣٨٨: ١٧٩). لە ڕووی کردەوەی باوکەکە دەردەکەوێ کە بیروباوەڕی مرۆڤ تا چ ڕادەیێک پێکهاتەی مێژوو و کۆمەڵگا و فەرهەنگە. بە واتایەکی تر، باوکەکە بە گوێرەی بایەخە ئەخلاقییەکان، جڤاکییەکان و فەرهەنگییەکانەوە دەستی بەو کارە داوە، بۆیە کارەکەی بزاڤێکی چاوەڕوانکراو دێتە ئەژمار. لە پاڵ هەمووی ئەمانەدا نابێت دەوری فەرهەنگی ڕۆژئاوا لە پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی ئازادیی کوڕ و کچ لە بیر ببردرێتەوە؛ چونکە ئاکاری کەنیشکەکە پیشان دەدات کە بەپێی ئەو چەشنە بەها و ئەخلاقانە هەڵسوکەوتی کردووە کە لە فەرهەنگی ڕۆژئاوادا پێناسە کراوە و بایەخی پێ دەدرێت؛ بەم بۆنەوە لەو گێڕانەوەیەدا کە کەنیشکەکە بە تاوانبار دێتە ئەژمار، فەرهەنگی ڕۆژئاوا دەکەوێتە بەر ڕەخنە. لە ڕاستیدا ئەم ڕووداوە ئاکامی لێکدژیی دوو ڕوانگە، دونیابینی و فەرهەنگی جیاوازە کە بایەخەکانی هەر یەکەیان زۆر دوورن لە یەکتر و ئاکاری کەسایەتییەکان بەباشی ئەم لێکدژییە دەنوێنن.

## ٤ ـ تایبەتمەندییە ژێرخانەییەکانی گێڕانەوە

چەشنی گێڕانەوەی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ئاسایی سەرەڕای ئەوەی‌کە جیاوازیی هەیە لەگەڵ چەشنی گێڕانەوەی چیرۆک‌دا (آسابرگر، ١٣٨٠:١٧٣)، هەڵگری ماکە هاوبەشەکانیشە کە بریتین لە کەسایەتی، ڕووداو، کات، شوێن و گێڕەر. لەم چەشنە گێڕانەوەیەدا ماکە ڕواڵەتییەکان کە لەگەڵ چەشنی گێڕانەوەی چیرۆکدا هاوبەشن، لە ژێر کارتێکەریی هۆکارە ژێرخانەییەکانن کە دەبنە هۆی بەدیهاتنی چەندین گێڕانەوەی جیاواز سەبارەت بە ڕووداوێکی تایبەت. بۆ ئەوەی‌کە ئەم بابەتە

[1] Cognitive Narratology.

www.SID.ir

Archive of SID

باشتر ڕوون بێتەوە، بەم پرسیارەوە دەست پێ‌دەکەین. ئەگەر ئەم ڕووداوە بگێڕدرێتەوە، ئاخۆ یەک جۆر گێڕانەوەی لێ‌دەکەوێتەوە، یان ئەوەی کە دەکرێ بە چەند جۆر بگێڕدرێتەوە؟ بیرکردنەوە لەسەر ئەم پرسیارە دەمانگەیێنێتە ئەو ئاکامە کە بەبۆنەی ئەوەی هەر کەسێک ڕوانگەیێکی تایبەتیی لەمەڕ ئەم ڕووداوە هەیە، فرەتر لە یەک جۆر گێڕانەوەی بۆ دەبێت. ئێنجا وەڵامی ئەم پرسیارە کە چۆنیەتیی گێڕانەوە بە ڕۆڵی چ ماکگەلێکەوە بەستراوە؟ بۆمان دیاری دەکات کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەندین گێڕانەوەی ڕووداوێک‌دا دەبێ بە شوێن چ هۆکارگەلێکدا بگەڕێین کە بوونەتە هۆی جیاوازیی گێڕانەوەکان. ئەوەی کە کەسایەتییەکان لە ناو گێڕانەوەدا چۆن دەنوێندرێن و چ تایبەتمەندیگەلێکیان دەبێت، پێوەندیی بە دەورێکەوە هەیە کە پێیان دەدرێت. خودی دەورەکەیش بۆ ئەو هۆکار و بەرگریمانانەی دەگەڕێتەوە کە گێڕەر ڕەچاوی کردووە و لەو لایەنەوە بنەڕەتی گێڕانەوەکە دادەنێت؛ بۆیە چۆنیەتیی کەسایەتیش بە جۆرێک پێوەندیی هەیە بە هۆکارەوە.

چەشنی گێڕانەوەکانی ئەم ڕووداوە دەتوانێ بە شێوەگەلێک بێت کە هەر یەکەی لە کەسایەتییەکان لە هەرکام لەو گێڕانەوانەدا هەم ئەرێنی بنوێندرێ و هەم نەرێنی؛ چونکە جاری وا هەیە لە گێڕانەوەیەکدا کەسایەتییەک تایبەتمەندیگەلی ئەرێنی و چاکی هەیە، هەر ئەم کەسایەتییە لە گێڕانەوەیەکی تردا لە ڕواڵەتێکی بەتەواو جیاواز دەردەکەوێت و دەنوێندرێت. ئەم جیاواز دەرکەوتنە بە دونیابینی و بەرگریمانەکانی گێڕەر پێوەندی هەیە. لە زۆربەی کاتدا ئەو کەسایەتییەی کە لە ڕوانگەی ئەودا گێڕانەوەکە دەگێڕدرێتەوە، کەسایەتییەکی ئەرێنی و چاکی هەیە و لە گێڕانەوەکەدا بە خاوەن ماف دێتە بەرچاو؛ چونکە گێڕەر تێدەکۆشێ ڕەوتی گێڕانەوەکە بە چەشنێک بەرێتە پێش کە بەهاکانی ئەو کەسایەتییە واقیعی بنوێندرێت و کردەوەکانی ئەو لە بەرامبەری دیکەی کەسایەتییەکان ماقدار بێتە ئەژمار؛ مەگەر ئەوەی کە گێڕەر بیهەوێت هەڵە و بۆچوونی نادروستی ئەو کەسایەتییە پیشان بدات کە چۆن هزر و بۆچوونە هەڵەکەی ئەو دەبێتە هۆی ڕووداوێکی خاپوورکەر و ماڵوێرانکەر. لەم حاڵەتە ئیتر کەسایەتییە سەرەکییەکە ئەرێنی و چاک دەرناکەوێت و ڕوانگەی گێڕەر بەپێچەوانەی ئەو دەبێت. سەبارەت بەم ڕووداوەی بەردەستیشەدا ئەگەر گێڕەر هەرکام لە باوک و کەنیشکەکە بخاتە ناوەوە و لە دۆخی ئەو گێڕانەوەکە بگێڕێتەوە، ئەوی تر دەکەوێتە جەمسەری بەرامبەریەوە، واتە هەرکام لەم دوو کەسایەتییە ببێت بە کەسایەتیی سەرەکی و لە سووچەڕوانینی ئەودا ڕووداوەکە بگێڕدرێتەوە، هەموو ماکەکانی گێڕانەوەکە بە جۆرێک ڕێک دەکرێن کە پاڵپشتی و بەرگری لەو لایەنە بکەن.

گەرچی لە گێڕانەوەی ئەم چەشنە ڕووداوانە لە سەرەتا وا دەنوێندرێ دوو ماکەی «شوێن» و «کات» لە ڕیزی ماکە دابینکەرە ناوئاخنەییەکاندا نین تاکوو لەسەر ڕەوت و پێکهاتە و داڕشتەی گێڕانەوەکە کاریگەرییەکی گۆڕانکارانەیان بێت و تەنیا زانیاریی زۆرتر دەبەخشن بە بەردەنگ و ڕواڵەتێکی ڕاستەقینە دەدەن بە گێڕانەوەکە، بەڵام ئەگەر بەوردی سەرنجی شوێنگە و کۆنتێکستی ڕووداوەکە بدرێت، دەردەکەوێ کە وا نییە شوێن و کات لە ڕیزی پاژەکانی زانیاریدەر بۆ گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە نەبن؛ بەپێچەوانەوە ئەم دوو پاژە هێمایێکن بۆ ڕاگەیاندنی زانیارییەکان و واتاگەلێکی دابینکەر سەبارەت بە بارودۆخی بەستێنی کۆمەڵایەتی و هزری و فەرهەنگیی ڕووداوەکە؛ کەواتە شوێن و کات هەر بەو ڕادەیەی لە چیرۆکدا گرنگ و هەڵگری زانیارین، لە وەها ڕووداوێکیشدا زانیاری‌دەرن و لەسەر گێڕانەوە و ڕاڤەکاریی تاکەکان کاریگەری دادەنێن.

## ٤ ـ١ـ پێوەندیی گێڕانەوە و ئایدئۆلۆجی

ئایدئولۆجیی گێڕەر چ ڕۆڵێکی لە گێڕانەوەدا هەیە و چۆن و بە چ شێوازێک دەتوانێت لە سەری کاریگەری دابنێت؟ هەروەها مەبەست لە کاریگەریی ئایدئۆلۆجی لە سەر گێڕانەوە چییە و لە چ لایەنێکەوە لە گێڕانەوە خۆی نیشان دەدات؟ ئاخۆ خودی بەدیهاتنی گێڕانەوە بۆ سەلماندنی ڕوانگەی گێڕەر نییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەردەخات کە هەر بەو جۆرە چیرۆک لە بنەڕەتدا بۆ ئەم مەبەستە دەنووسرێت کە لە قاڵبی گێڕانەوەدا ئەو هۆکارگەلە دیاری بکات کە لە ڕوودانی ڕووداوێکدا دەوریان بووە،

www.SID.ir

Archive of SID

مەبەستی گێڕەر لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەی ناو کۆمەڵگاش ئەوەیە کە بەپێی ڕوانگەی خۆی ڕاڤەی بکات. لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکیی هەر گێڕەر و چیرۆکنووسێ لە نووسینی چیرۆک و گێڕانەوەیەکدا ئەوەیە کە بۆچوون و بڕوای خۆی سەبارەت بە ڕووداوێک یان بابەتێک لە ڕواڵەتی گێڕانەوە و چیرۆکدا نیشان بدات؛ بۆیە زۆر ئەستەمە بوترێ ئایدئۆلۆجیی نووسەر-گێڕەر لە بەدیهاتنی گێڕانەوەیەکدا دەوری نەبووە. بەهۆی کاریگەریی ئایدئۆلۆجیی گێڕەر بووە کە هەندێ لە بیرمەندان وتوویانە: وێژە چەشنێکە لە ئایدئۆلۆجی (کلیگز، ۱۳۸۸: ۱۷۸). لەم لایەنەوە شیاوی باسە کە هەر گێڕانەوەیەک لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە بۆ ڕووداو و بابەتەکە دەڕوانێت. ڕوانگەیش پێکهاتەیێکە لە هەندێ بەرگریمانە و بنەمای دیاریکراو. بیروبڕوای گێڕەریش لەو قۆناغە لە سەر گێڕانەوە کاریگەری دادەنێت کە بە ڕەچاوکردنی بەرگریمانەکانی تایبەت ڕوانگەیەکی جیاواز دەداتە ڕووداوە ناوەندییەکە و دەبێتە هۆی هەڵبژاردنێکی جیاواز لە نێوان هەمووی ئەو ئەگەرانەی کە لە دەوروبەری ڕووداوەکە بوونیان هەیە. لەم لایەنەوە شیاوی باسە کە ڕۆڵی بەرگریمانە هزرییەکانی گێڕەر سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکە لە گۆڕاندنی گێڕانەوەدا زۆر گرنگ و کاریگەریدانەرە. بەبۆنەی ئەوەیکە هۆکار لە لایەن گێڕەرەوە دیاری و دابین دەکرێت، دیارە هۆکاریش تا ڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەریی بیروبڕوای گێڕەرە؛ بۆیە لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرانێکی دیکە هۆکاری ڕووداوێکی تایبەت جیاوازە. گێڕەر دەیهەوێت ئەو شتەی کە سەبارەت بە ڕووداوێک بە دروستی دەزانێت، وەکوو ڕاستییەکی گومان لێنەکراو پیشانی بدات. بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش گێڕەر بەپێی سیستێمی هزریی خۆی بە چەشنێ ڕووداوەکە هێماکاری دەکات کە پێکهاتەی گێڕانەوەکە بەرەو لای گەیاندنی مەبەستەکەی بچەمێتەوە؛ ئەوەی کە لە زانستی هێماناسیدا پێی دەوترێ «هێما ئایدئۆلۆجییەکان» ئاماژەیە بەم چەشنە هێماکارییە (چندلر، ۱۳۸۷: ۲۲٤).

بەبۆنەی ئەوەیکە ڕوانگە چەشنێکی تایبەتە لە ڕوانینی گێڕەر بۆ بابەت، سەبارەت بەم ڕووداوەش فرەبوونی ڕوانگەکان دەبێتە هۆی بەدیهاتنی چەندین گێڕانەوەی جیاواز. لە شیکاریی ئەم بابەتە دەردەکەوێ کە ئایدئۆلۆجیی گێڕەر گێڕانەوەکە بەرەو ئەو لایەنە دەبات کە ڕوانگەی خۆی سەبارەت بە ڕووداوەکە بسەلمێنێت؛ بۆیە گێڕانەوەی ئەم چەشنە ڕووداوانە هەر ئەو بیروبڕوا و ڕوانگەی گێڕەرەیە. کاتێ ڕوانگە و سووچەڕوانین لە گێڕانەوە دەگۆڕدرێ، دەوری کەسایەتییەکان و تایبەتمەندییەکانیشیان گۆڕانیان بە سەردا دێت. ئەم شتە پێمان دەڵێ هەموو ماکەکانی گێڕانەوە بەستراوە بە هۆکار و هۆکاریش خۆی سەرچاوەکەی بۆ هزری گێڕەر دەگەڕێتەوە. لەم دۆخەدا پرسیارێکی دیکە دێتە ئاراوە کە ئەگەر بناغەی گێڕانەوە لە سەر بیروبڕوایەکی تایبەتدا دامەزراوە، بەردەنگ چۆن بزانێت بێجگە لەم ڕوانگە، دەکرێ ڕوانگەگەلێکی دیکەیش سەبارەت بە بابەتەکە بوونیان ببێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بەم جۆرەیە کە بوون و واتای هزرەکان و بۆچوونەکان پێکەوە گرێدراون و بەردەنگیش لە ڕێگای شیکردنەوەی ئاخێو و توێیە واتاییەکانی ژێرەوەی گێڕانەوە دەتوانێت لە ڕوانگەکانی دیکە ئاگادار بێتەوە.

### ٤ ــ٢ــ دەوری هۆکار لە گێڕانەوە

ئاخۆ شتێک بە ناوی هۆکار لە گێڕانەوەدا بوونی هەیە؟ هۆکار چۆن و بە چ شێوازێک دەتوانێ لە سەر گێڕانەوە کاریگەری دابنێت؟ پرسیارگەلێکی وەها ڕوون دەکەنەوە کە بنەمای گێڕانەوە لە سەر هۆکار دامەزراوە و سەرچاوەی چۆنیەتیی گێڕانەوە بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە کە گێڕەر سەبارەت بە بابەتەکە ڕەچاوی کردووە؛ بۆیە ڕوانگەی گێڕەر و هۆکار پێوەندییەکی پتەو و نەبڕاوەیان لەگەڵ یەکدا هەیە. هۆکار لایەنی تایبەتی دەداتە گێڕانەوە و کاتێ ئەم لایەنە دەدرێ بە گێڕانەوە، هەموو ماکەکانی گێڕانەوە بەها و چییەتیی خۆیان بەجۆرێک وەردەگرن کە گونجاویەتیی تەواویان لەگەڵ گشتێتیی گێڕانەوەکەدا ببێت. لە ڕاستیدا ئەوەی کە جیاوازی دەخاتە نێوان گێڕانەوە جۆراوجۆرەکانی ڕووداوێک، هەر ئەو هۆکارەیە کە ڕووداوەکە بەپێی ئەو دەگێڕدرێتەوە. دەور و گرنگیی هۆکار لەو شوێنە باشتر دەردەکەوێ کە لە گێڕانەوەناسیدا باسی گەڵاڵە (پێڕەنگ) دێتە ئاراوە؛ چونکە دیاریکردنی گەڵاڵە بەرامبەر بە ڕوونکردنەوەی هۆکردە (ریکور، ۱۳۹۷: ۲۹٤/۱) و گەڵاڵەش بەبێ هۆکار واتایەکی نییە. لەم ڕووەوە دابینکردنی هۆکار بۆ ڕووداوێک گەڵاڵەی تایبەتی پێکدێنێت و بەپێی هۆکار و گەڵاڵەیە کە هەر گێڕانەوەیەکیش نوێنەکی تایبەتیی خۆی هەیە.

www.SID.ir

Archive of SID

ئەو شتەی لەسەر چۆنیەتیی گێڕانەوە کاریگەری دادەنێت، ڕوانگە و بیروباوەڕی گێڕەرە کە سەبارەت بە بابەتی ڕووداوەکە هەیەتی و بۆ پیشاندانی ئەو ڕوانگەیە، پێکهاتەی گێڕانەوەکە بەجۆرێک دادەڕێژێ کە بیر و بۆچوونەکەی پیشان بدرێت. ڕوانگە و بۆچوونی گێڕەریش لەو هۆکارەوە چڕدەبێتەوە کە بۆ بابەتەکە دابینی کردووە. هەڵبەت لە زۆربەی کاتدا ئەم هۆکارە ڕاستەوخۆ لە نێو گێڕانەوەدا دەرناکەوێت، بەڵکوو لە زەینی گێڕەردا بوونی هەیە؛ چونکە بەپێی تەکنیکی گێڕانەوەناسیی مۆدێڕن هۆکاری ڕووداوەکان نابێت لە گێڕانەوەدا ئاماژەی پێ بکرێت، دەبێ شاراوە و نهێنی بمێنێتەوە و تەنیا لە داڕشتەی گێڕانەوەکە خۆی دەربخات و لە سەر چۆنیەتی و لایەنی ئەو کاریگەری دابنێت؛ بۆیە وتراوە «ماکەی هۆکاریێتی لە گێڕانەوەدا نیشانەیێکی بەرچاوی نییە» (مستور، ١٣٨٤: ١٤). لەم توێژینەوەیەدا بۆ هەرکام لە گێڕانەوەکانی ڕووداوی بەرباس هۆکارێکی سەرەکی وەکوو بناغەدانەری چۆنیەتیی پێکهاتەی گێڕانەوە، دابین دەکرێ تا پێوەندیی هەر سێ بابەتی هۆکار، ئایدئۆلۆجیی گێڕەر و گێڕانەوە ڕوون بێتەوە.

## ٥ ــ گێڕانەوە جۆراوجۆرەکانی ڕووداوەکە بە پێی هۆکارە جیاوازەکان

هەندێک لە ڕووداوەکان بوونیان بە چەشنێکە کە هەڵگری فرەتر لە یەک هۆکارن؛ بەم پێیە ئەم چەشنە ڕووداوانە دەکرێ بە چەندین شێواز گێڕانەوەیان بۆ بکرێت. ڕووداوی بەرباسیش لەو چەشنە ڕووداوانەیە کە هۆکارگەلێکی جیاواز بە خۆ دەگرێ و دەبێتە هۆی بەدیهاتنی چەندین گێڕانەوە؛ بە واتایەکی تر، ئەگەر ئەم ڕووداوە لە ڕوانگەی هەرکام لەو هۆکارانەوە بگێڕدرێتەوە، دەبێتە هۆی پێکهاتنی گێڕانەوەگەلێک کە لەگەڵ یەکتردا بەتەواوی جیاوازییان هەیە؛ بۆ نموونە کەسایەتییەکانی هەرکام لەو گێڕانەوانە تایبەتمەندیگەلێکی جیاواز بەخۆ دەگرن کە لە دیکەی گێڕانەوەکاندا دەگۆڕدرێن. دیارە گۆڕانکاری لە ئەرێنی و نەرێنیی کەسایەتییەکان بۆ دەور و ڕۆڵیان دەگەڕێتەوە کە لە هەر گێڕانەوەیەکدا هەیانە؛ چونکە چۆنیەتیی کەسایەتیی تاکەکان بەستراوە بەو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن و ئەو تایبەتمەندیگەلە کە دەخرێنە پاڵیانەوە (اسکات کارد، ١٣٧٨: ١٦)؛ بۆیە ئەو تاکانەی کە لە گێڕانەوەدا کەسایەتییەکی نەرێنییان هەیە، بە هۆی کردەوە خراپانێک بووە کە پاڵدراون پێیانەوە؛ بە واتایەکی تر، کەسایەتییە نەرێنییەکان بە ئەنجامدەر و بکەری کردەوە خراپەکان دەناسێنرێن و دەنوێندرێن.

هەر وەک ئاماژە کرا ئەم ڕووداوە دەکرێ چەندین گێڕانەوەی لێبکەوێتەوە. لە هەر یەک لەم گێڕانەوانەدا سووچەنیگایەکی تایبەت لە ئارادایە و یەکێک لە کەسایەتییەکان دەوری ناوەندی و سەرەکی دەگێڕێ و لە ڕوانگەی ئەوەوە گێڕانەوەکە چێ دەکرێ و دادەمەزرێ. ئەگەر گێڕەر هەرکام لە کەسایەتییەکان وەپێش بخات و لە دۆخی ئەو و بەبۆنەی بەرگری لە ماقی ئەو ڕووداوەکە بگێڕێتەوە، دیکەی کەسایەتییەکان دەکەونە جەمسەری نەرێنییەوە؛ بۆیە دەتوانین بڵێین چۆنیەتیی کەسایەتی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پەیوەندیشی بە هۆکارەوە هەیە؛ بەم جۆرە کە کاتێ گێڕەر لە زەینی خۆیدا هۆکارێکی تایبەتی بۆ ڕووداوەکە ڕەچاو دەکات و پێکهاتەی گێڕانەوەکە لە سەر ئەو هۆکارە دادەمەزرێنێت، چۆنیەتیی کەسایەتییەکانیش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو هۆکارەوە؛ بەم بۆنەوە کەسایەتیی باوکەکە و کەنیشکەکە لە هەرکام لەم گێڕانەوانەدا جێگایان دەگۆڕدرێ و ڕۆڵەکەیان جیاواز دەبێت، واتە ئەگەر باوکەکە، یان کەنیشکەکە لە یەکێک لە گێڕانەوەکاندا بە تاوانبار، یان لێقەوماو وێنا بکرێت، لە دیکەی گێڕانەوەکاندا ڕۆڵیان جێبەجێ دەبێت؛ بۆیە لە گێڕانەوەکاندا بۆ بەردەنگ و خوێنەر دەردەکەوێ کە گێڕەر لە کردەوەی کامیەک لە کەسایەتییەکان لایەنگری دەکات و لە چ کەسێک و کردەوەکانی ڕەخنە دەگرێت، بەتایبەت ئەو کەسایەتییەی کە لە گێڕانەوەکاندا دەبێتە کەسایەتیی سەرەکی.

هەموو هۆکارەکان کەمتازۆر بە بەشی خۆیان لە سەرهەڵدانی ئەم ڕووداوە دەوریان بووە، تەنانەت بابەتە جڤاکییەکان و فەرهەنگییەکانیش کە بەر لە هەموو شتێک لەسەر بیر و زەینی مرۆڤەکان کاریگەرییان داناوە و بەهایان بۆ داتاشیوە. لایەنی کاریگەریی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان و فەرهەنگییەکان و ئایینییەکان لە سەر بیر و هەستی خەڵکدا خۆی لە کردەوەی

www.SID.ir

Archive of SID

هەرکام لە کەسایەتییەکان نیشان داوە؛ چونکە هەر کامێکیان بە جۆرێک لە ژێر کاریگەریی فەرهەنگێکی جیاوازدا هەڵسوکەوتیان کردووە.

هۆکارەکانی ئەم ڕووداوە هەر کامێکیان لەگەڵ یەکێک لە کەسایەتییەکان پێوەندی و گونجاوییان هەیە، بۆ نموونە کاتێ ڕووداوەکە بەم جۆرە دەگێڕدرێتەوە کە کچەکە بێ‌تاوان و جوانەمەرگ و لێقەوماو دەنوێندرێت، دیارە مەبەستی شاراوەی گێڕەر ئەوەیە کە بەهەڵەداچوونی ئەو کەسایەتییانە و دامەزراوە ئەخلاقییەکان دەربخات کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕوودانی ئەم کارەساتە دەوریان بووە. لایەنگریی گێڕەر لە کەسایەتییەکی تایبەت خۆی لە کەسایەتی پەروەراندندا دەردەخات و ئەم بابەتە بەوەوە بەستراوە کە گێڕەر لە نێوان چەند شیانی بەردەستدا ئەوەی بە دروستی دەزانێت، هەڵیبژێرێ و بۆ سەلماندنی، گێڕانەوەکە ڕێک‌بخات.

### ٥ ــ١ــ گێڕانەوەکانی ئەم ڕووداوە

لانی‌کەم بۆ ئەم ڕووداوە دەکرێ چوار جۆر گێڕانەوەی جیاواز ئەنجام بدرێت کە ڕوانگەی هەرکامیان بەتەواوی لە بنەڕەتدا لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازە. بەم شێوە کە باوکەکە و کەنیشکەکە هەر دووکیان دەتوانن لە دوو گێڕانەوەی جیاوازدا دوو ڕۆڵی دژبەیەک بگێڕن کە سەرجەم دەبێتە چوار گێڕانەوە: ١) باوکەکە تاوانبارە، ٢) باوکەکە بێ‌تاوانە، ٣) کەنیشکەکە تاوانبارە، ٤) کەنیشکەکە بێ‌تاوانە. ئەگەر بەوردی و تێڕامانی سەرنج بدرێت، ئاشکرایە ئەم چوار گێڕانەوە لە بنچینەوە هەر دوو گێڕانەوەی سەرەکین و ئەو دووانەکەی تر لە ناویاندا بە شێوازێکی نهێنی و شاراوە بوونیان هەیە. گێڕانەوەکانی (١) و (٣) دوو گێڕانەوەی سەرەکین و (٢) و (٤)یش لاوەکین. لە ڕاستیدا کاتێ باوکەکە بە تاوانبار دادەنردرێت، واتای ئەوەیە کەنیشکەکە بێ‌تاوانە، بۆیە گێڕانەوەی (١) لە خۆیدا هەڵگری گێڕانەوی (٤)ـە و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پیشانی دەدات. هەر بەم چەشنە کاتێ کەنیشکەکە بە تاوانبار دەزاندرێت، ئەوە دەگەیێنێت کە باوکەکە بێ‌تاوانە؛ بەم بۆنەوە گێڕانەوەی (٢)یش لە ناو گێڕانەوەی (٣)دا شاراوەیە و خوێنەر لە خوێندنەوەکەیدا هەستی پێ‌دەکات. لێرەدا ئێمە بۆ باشتر تێگەیشتن لە هەموو لایەنەکانی بەدیهاتنی گێڕانەوە جۆراوجۆرەکانی ڕووداوێکی تایبەت، هەر چوار گێڕانەوەکە جیاکار شی‌دەکەینەوە. هەڵبەت بێجگە لەم چوار دانە، دەکرێ گێڕانەوەکانی تریش بۆ ئەم ڕووداوە دیاری بکەین، وەکوو ئەوەی کە کوڕەکە بە تاوانباری سەرەکی یان دڵدارێکی ڕاستەقینە بزانین کە لە هەر یەک لەم دوو ڕۆڵە جیاوازەشدا دوو گێڕانەوەی جیاواز بەرهەم دێت؛ بەڵام ئەم یەکە بەم بۆنەوە نایخەینە پاڵی ئەوانی ترەوە کە بوونێکی سەربەخۆی نییە و لە دیکەی گێڕانەوەکاندا ئاماژەی پێ‌دەکرێت و ئەوەندە گرنگ نییە تاکوو گێڕانەوەیەکی جیای بۆ دابین بکرێ.

لە درێژەدا ئەو چوار گێڕانەوە کە ئاماژەیان پێ کرا، شی‌دەکرێنەوە، تاکوو نیشان بدرێت کە هەرچەند ڕووداوەکە یەکجۆر و هاوشێوەیە، بەڵام چوار جۆر گێڕانەوەی جیاوازی لێ کەوتووەتەوە. لەم شیکردنەوەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە تا چ ڕادەیەک بیروڕاکان و ڕوانگەکان لە سەر گێڕانەوە کاریگەرییان هەیە. لە هەر یەک لەم گێڕانەوانەدا لە لایەکەوە لە کەسێک و دیاردەیێکی تایبەت ڕەخنە دەگیرێت، لە لایەکی تریشەوە بەرگری دەکرێت لە کەسێک و دیاردەیێکی دیکە. سەرەڕای ئەمە لە شیکردنەوەی گێڕانەوە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕووداوە دەردەکەوێ کە گێڕەر لە چ ڕوانگەیێکەوە ڕوانیویە بۆی و چ بەرگریمانەگەلێکی ڕەچاو کردووە. هەروەها ڕوون دەبێتەوە کە لە گێڕانەوەکاندا چ هزر و ئایدئۆلۆجیکانێک دەور و کاریگەریان بووە. ئەگەر هەرکام لە گێڕانەوە جیاوازەکانی ئەم ڕووداوە لە ڕستەیەکی گێڕانەوەییدا دەربڕدرێت، وەکوو فلەشە چیرۆکێک[1] دێتە بەرچاو کە تەنیا لە چەند وشە پێکهاتووە، واتە چیرۆکێکی تەواو لە ڕستەیەکدا، بە جۆرێک کە ئەو ڕستەیە بتوانێ

[1] Flash fiction.

www.SID.ir

Archive of SID

دەربڕی چیرۆکێک بێت، وەکوو ئەم نموونە بەناوبانگە لە ئێرنێست هێمینگوەی:[1] «بۆ فرۆش: پێڵاوی منداڵانە، قەت بەپێ نەکراوە» (Nelles, 2012: 91). شیاوی ئاماژەیە کە گێڕانەوەکانی ڕووداوی بەرباس کە لەم توێژینەوەیەدا وەکوو ڕستەیەک ئاماژەیان پێدەکرێت، ڕاستەوخۆ لەلایەن کەسێک/ کەسانێکی دیاریکراوەوە دەرنەبڕدراون؛ بەڵکوو لە سەرجەم لێکدانەوەکان و لێدوانەکانی چاپەمەنییەکان و ناوەندە بڵاوکەرەوەکان دەرهێنراون.

**٥ ــ١ــ١ــ گێڕانەوەی یەکەم:** پیاوێکی دڵڕەق کەنیشکە هەژارەکەی خۆی بەهۆی دڵدانی بە کوڕێکەوە کوشت.[2]

زۆربەی خەڵک کاتێ بۆ یەکەم جار هەواڵی ئەم ڕووداوە دەبیستن و دەیانهەوێ بۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەم کارەساتە دەربڕن، بەر لە هەموو شتێک باوکەکە بە تاوانبار دەزانێن و کارەکەی زۆر خراپ و ناحەزی دادەنێن. لە گێڕانەوەی ئەم کەسانە، باوکەکە کەسایەتییەکی نەرێنیی هەیە و دەکەوێتە بەر ڕەخنە و لۆمەی گێڕەر؛ چونکە مەبەستی گێڕەر لەم گێڕانەوەیەدا ئەوەیە کە پیشان بدات زەین و ڕوانگەی باوکەکە چەقبەستووە و دوورە لە ڕووناکبیریی سەردەمی ئێستا؛ بۆیە ئەگەر بیروڕایەکی کۆنباو و دواکەوتوویی نەبوایە، کەنیشکەکەی خۆی نەدەکوشت. لەم گێڕانەوەدا کەسایەتیی باوکەکە بەجۆرێک پێناسە دەکرێت کە ویست و هەڵبژاردەیەکی لە خۆیەوە نییە و شوێنکەوتووی قسە و باسی خەڵکە و بەپێی ئاسۆی چاوەڕوانی ئەوانەوە هەڵسوکەوت دەکات. ڕوانگەی باوکەکە ڕوانگەیەکی نەریتییە کە بایەخ دەداتە یاسا و ڕێساکانی بنەماڵە و هۆگری بەهایە ئایینییەکان و ئەخلاقییەکانی ناو کۆمەڵگایە کە لەتەک ئەم چەشنە پێوەندییانەی نێوان کوڕ و کچدا ناگونجێت. لەم گێڕانەوەیەدا بیر و زەینی باوکەکە بەم شێوە پیشان دەدرێت کە لە دۆخی سەردەمی نوێ بێئاگایە و دەیهەوێت نەوەی ئێستاش بیروبڕوایان وەکوو ئەو بێت و بەپێی داخوازییەکانی ئەو هەڵسوکەوت بکەن. دیارە ڕوانگەی گێڕەر لەم گێڕانەوەیەدا لە ژێر کاریگەریی ڕوانگە نوێباوەکانی فەرهەنگی ڕۆژئاوادایە کە لەگەڵ بیروبڕوای ئایینی و نەریتەخوازەکاندا دژیەکن؛ چونکە ئەم گێڕانەوە لەو بیر و هزرە سەرچاوەی گرتووە کە خوازیاری ئازادیی کوڕ و کچە.

بەگوێرەی ئەم چەشنە ڕوانگەیە ڕووناکبیریی هەر بنەماڵەیێک لەوەدایە کە پێویستە بەپێی بارودۆخی سەردەمی نوێ لەگەڵ ویست و هەڵسوکەوتی کوڕ و کچدا ڕووبەڕوو بێتەوە. گێڕەر لەم گێڕانەوەدا ڕێک لە بەرامبەری کەسایەتییە سەرەکییەکە ڕادەوەستێ و دژ بە ئەوە کە ئەمە وێنەیێکە لەو بابەتە کە ژینێت لە دابەشکاریی چەشنناسانەی گێڕانەوە بە گێڕەری ناهاودەنگ دایدەنێت (صافی و فیاضی، ١٣٧٨: ١٥٦)؛ بۆیە ئامانجەکانی گێڕانەوەکە ئەوەیە کە لە لایەکەوە هەڵەبوونی ڕوانگە و شێوەی هزریی باوکەکە نیشان بدات، لە لایەکی تریشەوە ڕەخنە بگرێ لە هەموو ئەو سەرچاوانەی کە بیروباوەڕ و بەهاکانی باوکەکەیان چێ کردووە. لەم گێڕانەوەیەدا کاتێ باوکەکە کەسایەتییەکی نەرێنیی هەیە، دیارە کەنیشکەکە و کوڕەکە ئیتر ناکرێ کەسایەتییەکی نەرێنییان ببێت و لە جەمسەری ئەرێنییەوە ڕادەوەستن. لە خشتەی ژێرەوە پێکهاتەی ئەم جۆرە گێڕانەوە دەبینین:

| بەرگریمانەی گێڕەر | کەسایەتیی سەرەکی | ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکی | کەنیشکەکە و کوڕەکە | ڕوانگەی گێڕەر | هۆکاری ڕووداوەکە بەپێی ڕوانگەی گێڕەر |
|---|---|---|---|---|---|
| خۆویستیی باوکەکە و پەلاماردانی بۆ پاراستنی ئاوڕووی | باوکەکە | نەرێنی = تاوانبار | ئەرێنی = بێتاوان | دژبەری کەسایەتیی سەرەکی | بیر و هزری نادروست و چەقبەستووی باوکەکە |

[1] Ernest Hemingway.

[2] http://ispa.ir/Default/Details/fa/2208/

www.SID.ir

Archive of SID

**٥ ــ١ــ٢ــ گێڕانەوەی دووهەم:** پیاوێک بەپێچەوانەی حەز و ویستی خۆی، لەبەر تەوژمی ناو کۆمەڵگا، کەنیشکەکەی کە ڕەدووی کوڕێک کەوتبوو، دەکوژێت.[١]

بە پێچەوانەی گێڕانەوەی یەکەم کە لەوێدا باوکەکە تاوانبار بوو، لەم گێڕانەوەدا ڕووداوەکە بە جۆرێک دەگێڕدرێتەوە کە باوکەکە بێتاوان بنوێندرێت، بە واتایەکی تر، گێڕانەوەکە بە شێوازێک دادەڕێژدرێت کە لە کۆتاییدا بەردەنگ نە تەنیا ڕقی لە باوکەکە نابێت، بەڵکوو دڵی بە حاڵی ئەو دەسووتێت؛ چونکە کردەوەی باوکەکە لە گێڕانەوەکەدا بەم جۆرە پیشان دەدرێت کە خۆی لە ناخی دڵیەوە حەزی پێ ناکات و زۆر پێی ناخۆشە. ئەو لە نێوان دوو بارودۆخی دژبەیەکدا گیری خواردووە؛ لە لایەکەوە ڕەحمی باوکێتی ئیزنی پێ نادات کەنیشکەکەی خۆی بکوژێت، لە لایەکی تریشەوە ئاوڕووچوونی سەری لێ هەڵداوە و تەوژمی تانە و تەشەری خەڵک ڕێگای لێ بەستووە؛ بۆیە کەسایەتیی باوکەکە لەم گێڕانەوەدا بەم چەشنەیە کە زۆر خەمبار، سەرشۆڕ، سەرلێشێواو و داماو دێتە بەرچاو. ئەو لە هەلومەرجێکدایە کە بێجگە لەو هەڵبژاردنە، واتە کوشتنی کەنیشکەکەی، شتێکی تری بۆی نەماوەتەوە؛ بۆیە لەم ڕوانگەوە ئەوەندە کە تاوانبارە، ئەوەندەیش بێتاوانە. ڕووداوەکە لەم ڕوانگەوە بە بەرهەمی هەلومەرجی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی ناو کۆمەڵگا دێتە ئەژمار.

بەرگریمانەی گێڕەر ئەوەیە کە ویست و کردەوەی مرۆڤ لە ژێر هێزی ڕێکخراوە بەهاییەکانی ناو کۆمەڵگادایە و ناتوانێ دژی بەهایە جڤاکییەکان و ئایینییەکان ڕاوەستێ و هەڵسوکەوت بکات؛ چونکە تاکەکان بەپێی ئەو ئایدئۆلۆجییانە هەڵسوکەوت دەکەن کە دامەزراوە جڤاکییەکان دایان ناوە؛ بۆیە هەموو دیاردەکانی فەرهەنگی و ئایینی، هەروەها بەهایە جڤاکییەکان و ئەخلاقییەکان بەدیهێنەری ئەو دۆخە بووەن کە زەینی باوکەکە تێیدا پێکهاتووە. لە ڕاستیدا ئەم گێڕانەوە بە مەبەستی سڕینەوەی تاوانباری لە باوکەکە و بەرگری لەوەو چێ هاتووە و دەیهەوێت ئەو بیروبڕوایەی کە باوکەکە بە تاوانبار دەزانێت، هەڵەکەی پیشان بدات و چاکسازیی بۆ بکات. لێرە پێوەندیی گێڕەر لەگەڵ باوکەکە (= کەسایەتیی سەرەکی) پێچەوانەی گێڕانەوەی یەکەمە، واتە ڕوانگەی گێڕەر هاوئاقارە لەگەڵ باوکەکە و پاڵپشتیی لێ دەکات، نەک ئەوەی لە بەرامبەریدا ڕاوەستێ. هەڵبەت گێڕەر لەم گێڕانەوەیەدا نایهەوێت بەتەواوی کەنیشکەکە و کوڕەکە بە تاوانبار، یان بێتاوان نیشان بدات، بەڵکوو بێ ئەوەی لایەنگرییان لێ بکات، یان ئەوەی کە دژایەتییان لەگەڵدا بکات، تەنیا دەیهەوێت باوکەکە لە ژێر ئەو ڕوانگە زاڵە ڕزگار بکات کە ئەوی بە تەنیا تاوانبار زانیوە. ئامانج لەم گێڕانەوەیەدا ئەوەیە پیشان بدرێت کە لە ڕوودانی ڕووداوێکی ئاوەها دڵتەزێن نابێ هەموو تاوانەکان بە سەر کەسێکی تایبەتدا بساودرێت، بەڵکوو هەموو ئەو کەسانە و ڕێکخراوانە کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕوودانی ئەم ڕووداوە دەوریان بووە، بە بەشی خۆیان تاوانیان هەیە. پوختەی ئەم گێڕانەوە لە خشتەی خوارەوە پیشان دەدرێت:[٢]

| بەرگریمانەی گێڕەر | کەسایەتیی سەرەکی | ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکی | کەنیشکەکە و کوڕەکە | ڕوانگەی گێڕەر | هۆکاری ڕووداوەکە بەپێی ڕوانگەی گێڕەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاکاری مرۆڤ دەرئەنجامی دۆخی گشتیی کۆمەڵگایە | باوکەکە | نەرێنی/ ئەرێنی = تاوانباری بێتاوان | نەرێنی/ ئەرێنی = تاوانباری بێتاوان | هاوڕا و هاودەنگ لەگەڵ کەسایەتیی سەرەکی | زاڵبوونی کەشی هزری و بەهاکانی کۆمەڵگا لەسەر زەین و بیر و هەستی باوکەکە |

---

[1] http://engare.net/analysis-of-romina/

[٢] ئەگەر ڕووداوەکە بەپێی ئەم گێڕانەوە ببێت بە چیرۆک، سووچەنیگای گێڕانەوەی چیرۆکەکە دەکرێ هەم بە شێوازی یەکەم کەس بێت و هەم سێهەم کەس. ئەگەر گێڕانەوەکە بە سووچەنیگای یەکەم کەس دابڕێژدرێت، گێڕەر هەر خودی باوکەکەیە کە ڕووداوەکە لە زەینی ئەودا دەگێڕدرێتەوە. بەڵام ئەگەر سووچەنیگای گێڕانەوەکە بە شێوەی سێهەم کەس بێت، گێڕەر بوونێکی جیای لە باوکەکە دەبێت.

www.SID.ir

Archive of SID

**٥ ـ١ـ٣ـ گێڕانەوەی سێهەم:** کەنیشکێک کە بەبێ ئاگاداریی بنەماڵەکەی لەگەڵ کوڕێک هەڵهاتبوو، بە دەستی باوکی دەکوژرێت.[١]

هەروا کە لەمەو پێش ئاماژەی پێ‌کرا ئەم گێڕانەوە، وەکوو گێڕانەوەی یەکەم، گێڕانەوەیەکی سەرەکی و گرنگە کە جگە لە خۆی، هەڵگری دەنگێکی ترە، واتا خوێنەر لە خوێندنەوەیدا هەست بە دەنگێکی تر، تەنانەت فرەتر لە یەک دەنگیش، دەکات؛ بۆیە ئەم دوو گێڕانەوە لە چەشنی گێڕانەوەکانی فرەدەنگی دێنە ئەژمار؛ چونکە گێڕەر هاودەنگ و هاوڕای کەسایەتییە سەرەکییەکە نییە و دژبەری ئەوە. هەر ئەم بەرەنگاربوونە و دژبەیەکیە دەبێتە هۆی هەبوونی دەنگگەلێکی جیاواز لە ناو گێڕانەوەکەدا کە لە سانا و ساکاری دووری دەخاتەوە و ئاڵۆزییەکی جوانیناسانەی پێ‌دەبەخشێت؛ بەم بۆنەوە فرەدەنگی بە ڕوانگەوە گرێدراوە و لە سەر ئەوەوە دانراوە (ریکور، ١٣٩٧: ١٩٨/٢). مەبەست لە فرەدەنگیش کاردانەوەی دەنگگەلێکە کە خراونەتە پەراوێزەوە، یان ئەوەی کە نوقم کراون (بی‌نیاز، ١٣٩٤: ٢١٨).

لەم گێڕانەوەدا جێگای باوکەکە و کەنیشکەکە دەگۆڕدرێ و کەنیشکەکە دەبێتە کەسایەتیی سەرەکی کە لە ڕواڵەتی نەرێنی دەردەکەوێ و گێڕەر لەگەڵ کەسایەتییە سەرەکییەکە هاودەنگ نییە و دەیهەوێت تاوانباریی ئەو (= کەنیشکەکە) بسەلمێنێت. لێرەدا ڕوانگەی ئایینی دەوری ناوەندی هەیە و چوارچێوە و پێکهاتەی گێڕانەوەکە لەسەر ئەوە دامەزراوە کە لە بەهایە نەریتییەکان و فەرهەنگییەکان پاڵپشتی بکات؛ بۆیە بیر و هزر و کردەوەی کەنیشکەکە و کوڕەکە دەکەوێتە بەر ڕەخنە. سەرەڕای ئەمە، بە مەبەستی قوت‌کردنەوەی چاکبوونی ئایین و بەهایە جڤاکییەکان، کەمایەسی و خراپییەکانی ئەو ڕوانگە ڕۆژئاواییە کە ژێرخانی زەین و بیروبڕوای کەنیشکەکە و کوڕەکەی پێکهێناوە، دەخاتە ڕوو، واتە ئەم گێڕانەوە دەیهەوێت هەڵەبوونی ئەو بۆچوونە پیشان بدات کە پێکەوەبوونی کوڕ و کچی بیانیی بە لاوە پەسندە. بۆ ئەم مەبەستەش لەسەر ئەو بابەتە جەخت دەکات کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە لەگەڵ فەرهەنگی کۆمەڵگایەکی ئایینی و نەریتی ناگونجێ و ئاکامێکی زۆر خراپ و نالەباریان دەبێت؛ بۆیە بە گوێرەی ئەم گێڕانەوە، تاوانباریی کوڕەکە و کەنیشکە لەوەدایە کە ئەمەیان ڕەچاو نەکردووە و بۆ بنەماڵە و ئاوڕووی ئەندامانی بنەماڵە، بەتایبەت باوکی کچەکە، ڕێزیان دانەناوە و پشتیان لێ کردووە. کەسایەتیی کەنیشکەکە لێرەدا بەم جۆرەیە کە گوێ بە قسەی باوک و دایکی نەداوە و سەربەخۆ هەڵهاتووە و هەموو بەهایە ئائینییەکان و جڤاکییەکانی خستووەتە ژێر پێ و سووکایەتیی پێ‌کردوون. لە ڕاستیدا کەنیشکەکە کارێکی کردووە باوکی لەناو خەڵکدا سەرشۆڕ و داماو ببێت و ڕووی نەبێ لەبەر تانە و تەشەری خەڵک، لە ناو کۆمەڵگادا بە سەربەرزی بێت و بڕوا؛ بۆیە کەسایەتییەکی نەرێنیی هەیە. لە خشتەی خوارەوە چڕکراوەی ئەم گێڕانەوە پیشان دراوە:[٢]

---

[1] https://www.mashreghnews.ir/news/1077076/AF
https://www.irna.ir/amp/83802275

[٢] ئەگەر ڕووداوی بەرباس بەگوێرەی ئەم گێڕانەوە ببێت بە چیرۆک، بەهۆی ئەوەی کە کەنیشکەکە لەم گێڕانەوەیەدا کەسایەتییەکی نەرێنیی هەیە و بە تاوانبار دێتە ئەژمار، ئەگەر لە سووچەنیگای سێهەم کەسەوە بگێڕدرێتەوە، گێڕەر جیایە لە کەسایەتییەکان و لە دەرەوەی ڕەوتی ڕووداوەکە جێی‌گرتووە. بەڵام گێڕانەوەکە ئەگەر لە سووچەنیگای یەکەم کەسەوە بێت، تەنیا باوکەکە دەتوانێت ببێتە گێڕەر؛ چونکە گێڕەر لەگەڵ کەسایەتییە سەرەکییەکە هاودەنگ نییە و دەیهەوێت تاوانباریی ئەو (= کەنیشکەکە) پیشان بدات. لەم ڕووەوە خودی کەنیشکەکە و کوڕەکە ناتوانن ببنە گێڕەر و ناگونجێ لەگەڵ پێکهاتەی گێڕانەوەکە. هەڵبەت ئەگەر خودی باوکەکەیش ببێتە گێڕەر، گێڕانەوەکە زۆر ئەستەم و ئاڵۆز دەبێت و ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەگەر گێڕانەوە بە سووچەنیگای یەکەم کەس بگێڕدرێتەوە، ئاخۆ گێڕەرەکە دەبێتە کەسایەتیی سەرەکی یان ئەوەی کە دەکرێ کەسێکی تریش جیا لە گێڕەر ببێتە کەسایەتیی سەرەکی؟ گەرچی لە ناو چیرۆکەکاندا ئەم چەشنە گێڕانەوە ئەوەندە دەرنەکەوتووە، بەڵام لەم گێڕانەوەدا دەکرێ باوکەکە بە سووچەنیگای یەکەم کەسەوە ببێتە گێڕەر و کەنیشکەکەیش دەوری کەسایەتیی سەرکی بگێڕێ. بەم پێکهاتەوە لایەنی جوانیناسانەی گێڕانەوەکە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دەبێت و فرەدەنگ بوونی گێڕانەوەکەیش زەقتر دێتە بەرچاو.

www.SID.ir

Archive of SID

| هۆکاری ڕووداوەکە بەپێی ڕوانگەی گێڕەر | ڕوانگەی گێڕەر | باوکەکە | ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکی | کەسایەتیی سەرەکی | بەرگریمانەی گێڕەر |
|---|---|---|---|---|---|
| شوێنکەوتوویی کەنیشکەکە لە فەرهەنگی بیانی و دژایەتیی لەگەڵ بنەماڵەیدا | دژبەری کەسایەتیی سەرەکی | ئەرێنی = بێ‌تاوان | نەرێنی = تاوانبار | کەنیشکەکە | سووکایەتی‌کردنی کەنیشکەکە بە بەهاکانی کۆمەڵگا |

**٥ـ١ـ٤ـ گێڕانەوەی چوارەم:** کەنیشکێکی هەژار کە بەبۆنەی بێ‌ئەزموونی و کەم‌تەمەنییەوە لەگەڵ کوڕێکدا هەڵهاتبوو، بە دەستی باوکە بێ‌ڕەحمەکەی دەکوژرێت.[1]

تەواوی ماکەکانی ئەم گێڕانەوە پێچەوانەی گێڕانەوەی پێشووە؛ بۆیە بە دەنگێگی شاراوە لە ناو ئەو گێڕانەوە و هەروەها گێڕانەوەی یەکەم هێناومانەتە ئەژمار. هەڵبەت هەر بەو جۆرەیشە ئەم گێڕانەوە خوێنەر بۆ ئەو دوو گێڕانەوە ڕێنوێنی دەکات؛ چونکە لە لایەکەوە ئەم دوو گێڕانەوە (= چوارم و سێهەم) دەقاودەق پێچەوانەی یەکن و لە نێوانیاندا بەستراوەیتیی دوولایەنە لە ئارادایە، لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ گێڕانەوەی یەکەمدا پێوەندییەکی پاڵەکیی هەیە. لەم گێڕانەوەیەشدا دیسان کەنیشکەکە دەوری سەرەکیی هەیە، بەڵام لێرەدا بە پێچەوانەی گێڕانەوەی پێشوو خاوەن کەسایەتییەکی ئەرێنییە. گێڕەر لەم گێڕانەوەدا هاودەنگ و هاوڕایە لەتەک کەنیشکەکە و مەبەستی ئەوەیە لێقەوماو و هەژار پیشانی بدات کە بووەتە قوربانیی هزرە هەڵەکەی باوکی و هەموو ئەو بیروڕا و بەهایە جۆاکییانە کە هاندەری باوکی بوون. بەپێی ئەم بۆچوونە دژایەتیی باوکەکە لەگەڵ زەماوەندی کچ و کوڕەکە و هەڵسوکەوتی نالەباری ئەو دەربارەی دڵداریی ئەواندا، تەنگی پێیان هەڵچنیوە و تەواوی ڕێگاکانی لێیان بەستووە، بۆیە هەڵبژاردەیەکی تریان بۆ نەمابووەوە بێجگە لەوەی کە هەڵبێن؛ بەم بۆنەوە باوکەکە بە تاوانباری سەرەکی دێتە ئەژمار کە خاوەنی بۆچوونێکی کۆنباو بووە و لەبەر قسەی بێ‌کەڵکی خەڵک تووشی غەیرەتێکی نەفامانە و ناژیرانە هاتووە. گێڕەر بەم پێش‌مەرجە لە کەنیشکەکە لایەنگری دەکات کە هەر مرۆڤێک لە ژیانیدا ئەو ماڤەی هەیە، نەک تەنیا بۆ هەڵبژاردنی هاوژینی داهاتووی خۆی، بەڵکوو بۆ هەموو ئیشەکانی بڕیار بدات و خاوەن ڕا ببێت. داڕشتەی گێڕانەوەکە لە سەر ئاوەها بەرگریمانەگەلێک داڕێژراوە، بۆیە لە کۆتاییدا بەردەنگ دەگاتە ئەو دەرئەنجامە کە ئامانجی گێڕەر بووە و بەم جۆرە ڕەخنە لە باوکەکە دەگرێ کە بۆچی لە بەرامبەری بەهایە جۆاکییەکان و قسەی خەڵک ڕانەوەستاوە و بەرەنگاری نەکردووە، لە حاڵێکدا دەیتوانی ئەم کارە بکات. کورتەی ئەم گێڕانەوە لە خشتەی ژێرەوە دەبیندرێت:

| هۆکاری ڕووداوەکە بەپێی ڕوانگەی گێڕەر | ڕوانگەی گێڕەر | باوکەکە | ڕۆڵی کەسایەتیی سەرەکی | کەسایەتیی سەرەکی | بەرگریمانەی گێڕەر |
|---|---|---|---|---|---|
| بەهەڵەداچوونی باوکەکە بەهۆی پێداگریی لە سەر بەهایە کۆنباوەکان | هاودەنگ و هاوبڕوا لەتەک کەسایەتیی سەرەکی | نەرێنی = تاوانبار | ئەرێنی = بێ‌تاوان | کەنیشکەکە | مرۆڤ خاوەن ماڤە کە بۆ داهاتووی خۆی بڕیار بدات، گەرچی بەپێچەوانەی ویستی باوکی بێت |

[1] https://www.hamshahrionline.ir/news/515240

www.SID.ir

Archive of SID

هەروا کە دیارە لەم گێڕانەوەدا و لە گێڕانەوەی یەکەمیشدا کەسایەتیی باوکەکە و کەنیشکەکە وەکوو یەکن. جیاوازییەکەیان لەوەدایە کە لەم دوو گێڕانەوەدا کەسایەتییە سەرەکییەکە و ڕوانگەی گێڕەر دەگۆڕدرێت و هەر ئەم گۆڕانکارییە بەسە بۆ گۆڕین و جیاوازییان.

**٦ـ دەرئەنجام**

لە شیکردنەوەی گێڕانەوە جیاوازەکانی ڕووداوەکە خاڵێکی هەرە گرنگ لە بواری گێڕانەوەناسی و هزریدا بۆمان دەرکەوت، ئەویش ئەمەیە کە سەبارەت بە ڕووداوەکانی دەوروبەر هەر کەسێک بەپێی ڕوانگە و بیروڕوای خۆی ڕاڤەیان دەکات و دەیانگێڕێتەوە، بە چەشنێک کە بۆ ڕووداوێکی تایبەت چەندین گێڕانەوەی جیاواز دێتە ئاراوە. لە گێڕانەوەکانی ڕووداوی بەرباسیش سەرچاوەی جیاوازییەکان بۆ ڕوانگەی گێڕەر و هەموو بەرگریمانەگەلێک دەگەڕێتەوە کە ئەو ڕەچاوی کردووە و بەپێی بیروباوەڕی خۆی ڕووداوەکەی گێڕاوەتەوە. لە هەر یەکێک لە گێڕانەوەکانی ئەم ڕووداوە تەواوی ماکەکان جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەوانی تردا، بەرگریمانە، کەسایەتیی سەرەکی، ڕۆڵی کەسایەتییەکان، ڕاسپاردە و ئامانج؛ بۆیە پێکهاتەی گێڕانەوەکان جیاوازە و هەر یەکێکیان دەربڕی ڕوانگەییێکی تایبەتە و کاریگەریی ئایدئۆلۆجییە جۆراوجۆرەکان بەڕوونی لەسەر هەر کامێکیان دیارە. بەردەنگیش تێدەگات کە هەرکام لە گێڕانەوەکان لە چ کەسانێک و پرسگەلێک ڕەخنەیان گرتووە و بۆ دەرخستنی هەڵەکانی بیروبڕوای کام لە کەسایەتییەکان هەوڵیان داوە؛ لەم ڕووەوە جیاوازیی ڕوانگەی گێڕانەوەکان باشتر دەردەکەوێ. سەرەڕای ئەمانە شیکردنەوەی دەرکەوتنی ئەم ڕووداوە لە گێڕانەوە جیاوازەکاندا ئەم خاڵە گرنگەمان بۆ دەسەلمێنێ کە هەر تاکێک بۆ کردەوەکانی خۆی لە ژیاندا پاساو و هۆکردێکی تایبەتی هەیە، تاکوو کردەوەی خۆی ڕاستەقینە و خاوەن ماف بسەلمێنێت.

www.SID.ir

Archive of SID

## سەرچاوەکان

فارسی


آسابرگر، آرتور. (۱۳۸۰). *روایت در فرهنگ عامیانه، رسانه و زندگی مردم*. ترجمه‌ی محمدرضا لیراوی. چاپ اول. تهران: سروش.

اسکات کارد، اورسون. (۱۳۸۷). *شخصیت‌پردازی و زاویه‌ی دید در داستان*. ترجمه‌ی پریسا خسروسامانی. اهواز: رسش.

بارت، رولان. (۱۳۷۸). *درآمدی بر تحلیل ساختاری روایت‌ها*. ترجمه‌ی محمد راغب. تهران: فرهنگ صبا.

--- (۱۳٦۸). *نقد تفسیری*. ترجمه‌ی محمدتقی غیاثی. تهران: بزرگمهر.

برکت، بهزاد و همکاران. (۱۳۹۱). «روایت‌شناسی شناختی (کاربست نظریه آمیختگی مفهومی بر قصه‌های عامیانه ایرانی)». *ادب‌پژوهی*. شماره ۲۱، صص ۹-۳۲.

بی‌نیاز، فتح‌الله. (۱۳۹٤). *درآمدی بر داستان‌نویسی و روایت‌شناسی*. چاپ ششم. تهران: افراز.

تاج‌الدین، محمدباقر. «قتل این خسته به شمشیر تو تقدیر نبود»، http://engare.net/analysis-of-romina/ [تاریخ دسترسی: ۱۳۹۹/۳/۱۰].

چندلر، دانیل. (۱۳۷۸). *مبانی نشانه‌شناسی*. ترجمه‌ی مهدی پارسا. چاپ دوم. تهران: سوره مهر.

خدیر، مهرداد. «کشتیم که کشتیم، دختر خودمان را کشتیم!»، https://www.asriran.com/fa/news/730590/ [تاریخ دسترسی: ۱۳۹۹/۳/۸].

خسروی، ابوتراب. (۱۳۸۷). *دیوان سومنات*. تهران: نشر مرکز.

ریکور، پل. (۱۳۹۷). *زمان حکایت (کتاب اول: پیرنگ و حکایت تاریخی)*. ترجمه‌ی مهشید نونهالی. تهران: نشر نی.

--- (۱۳۹۷). *زمان حکایت (کتاب دوم: پیکربندی زمان در حکایت داستانی)*. ترجمه‌ی مهشید نونهالی. تهران: نشر نی.

ژوله، امیرمهدی. «همه‌مان باید جواب پس بدیم بعدا»، https://www.hamshahrionline.ir/news/515240 [تاریخ دسترسی: ۱۳۹۹/۳/٦].

سرلک، علی. «کدام غیرت داس را به دست قاتل داد؟»، https://www.mashreghnews.ir/news/1077076/AF [تاریخ دسترسی: ۱۳۹۹/۳/۷].

سرویس داده‌کاوی ایرنا. «توئیتری‌ها تعصب و مردسالاری را به نقد کشیدند»، https://www.irna.ir/amp/83802275 [تاریخ دسترسی: ۱۳۹۹/۳/۱۱].

صافی، حسین و مریم سادات فیاضی. (۱۳۸۷). «نگاهی گذرا به پیشینه‌ی نظریه‌های روایت». *نقد ادبی*. سال ۱، شماره ۲. صص ۱٤٥-۱۷۰.

کاشانی، سیدسالار. «به نظر شما مقصر اصلی کیست؟»، http://ispa.ir/Default/Details/fa/2208/ [تاریخ دسترسی: ۱۳۹۹/۳/۲٥].

کلیگز، مری. (۱۳۸۸). *درسنامه نظریه ادبی*. ترجمه‌ی جلال سخنور و همکاران. تهران: اختران.

مستور، مصطفی. (۱۳۸٤). *مبانی داستان کوتاه*. تهران: نشر مرکز.

مندنی‌پور، شهریار. (۱۳۸۲). *آبی ماورای بحار*. تهران: نشر مرکز.

میرصادقی، جمال. (۱۳۸٦). *ادبیات داستانی*. تهران: سخن.


English


Nelles, William. (2012). “Microfiction: What Makes a Very Short Story Very Short?” *Narrative*, Vol 20, No 1, pp 87-104.


www.SID.ir